# سیمورروم و زابان *

***وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە***

## پێشەکیی وەرگێڕان

هەرچەندە ئەم بابەتە کۆنە بەڵام بۆچوونێکی تێدایە لەبارەی شوێنی هەردوو سیمورروم (سیموروم، شیمورروم) و زابان کە ڕاستکردنەوەی بۆچوونە کۆنترەکانە. ڕای باو دەربارەی ئەم دوو شوێنە ئەوە بوو سیموروم و زابان ناوی یەك شارن یاخود ناوی ولاتێك (سیمورروم) و شارە سەرەکییەکەیەتی (زابان) کە یەکەمیان لە سەردەمی ئەکەدی و سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا هەبووە و دوومیان ناوە نوێترەکەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێی ئاشوری و ئەمانە لە ناوچەی پردێ ( ئاڵتون کۆپری) بوون. ڤایدنەر شوێنی شاری زابان دەخاتە ئەو ناوچەیەی ڕوباری عزێم زنجیرەی حەمرین دەبڕێت و ولاتی سیمورروم هەر لەودەوروبەرەدا ، ئەهەمیەتی ئەم بۆچوونە لەم شتانەدایە:

١- کاتی شولگی (پادشای بنەماڵەی ئور) چەند جارێك ناوی سیمورروم لەگەڵ لولوبوم(ناوچەی سلێمانیوشارەزوور)دا هاتووە.ئەو ناوچەیەش کە ڤایدنەر پێشنیاری دەکات بۆ ئەمە گونجاوە چونکە ئەمیان لەولاتی لوللو نزیکترە لەچاو ناوچەی پردێ.

٢-دەتوانین ئێستا ئەم بۆچوونەی ڤایدنەر بەدوو شتەوە گرێبدەین: یەکەم لەشکرکەشییەکانی ئیدی سین و زابازونای کوڕی( دوو پادشاکەی سیمورروم لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور یان دواتر)و دووەم لەگەڵ نەخشەکەی دەربەندی گاور کە دوور نییە هی پادشایەکی تر سیمورروم بێت.ناوچەی پێشنیارکراوی ڤایدنەر لەهەمان ئاڕاستەی دەربەندی گاورە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕایەی سیمورروم دەخاتە ڕۆژهەلاتتر، وەکو نوێترییان کە (فراین)ـە کە دەیخاتە دەوروبەری (دەربەندیخان) بۆچوونێکی بەنرخە. هەروەها ئیحتمالی تر بە دوور نەزانین جگە لەوانەی. بۆموناقەشەی تری شوێنی سیمورروم بڕوانە بابەتی: وردە فیرعەونەکان... لەم کتێبەدا

## تێبینی لەسەر وەرگێڕانەکە:

دوو جۆرە پەراوێزم داناوە: ئەوانەی نووسەر کە ژمارەی (...,1,2,3) م بۆ داناون و بە هەمان شێوە و تەرتیبی بابەتەکە، دووەمیش پەراوێزەکانی خۆم کە ژمارەکانی (١، ٢،٣،....) م بۆ داناون. ئەمەش جگە لە هەندێك ڕوونکردنەوە لە ناواخنی بابەتەکە.

## بابەتەکەی ڤایدنەر

**Ernst Weidner, Simurrum und Zaban, in; Archiv für Orientforschung (Afo), 15, 1945-1951, S.75-80.**

سیمورروم **Simurrum** وەکو ناوی شارێك یاخود ولاتێکی سەردەمی بابلیی کۆن، زۆر دووبارە دەبێتەوە. بەڵگەنامە کۆنترەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی ئەکەد: بەڵگەنامەیەکی تۆماری ساڵ (١) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سارگۆندا دەڵێت ("ئەو ساڵەی ڕووی کردە سیموروم **"Si-mur-um**$^{ki}$")(1)، هەروەها نووسراوێکی نارام سین کە تەنها نوسخەی نوێتری دەستکەوتووە و پێدەچێت بە شێوەیەکی گشتی جێگەی متمانە نەبێت(٢)، کە تیایدا پوتتیم ئادال پاشای شیمورروم **Pu-**

* گۆڤاری هەزارمێرد ، ژمارە ٢٢، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، ل ٦٤-٧٥.

Ši-mu-ur-ri-im šar ut-ti-ma-da-al وەکو یەکێك لە دوژمنەکانی پاشای ئەکەد ناوی براوە[2]، بەڵگەنامەیەکی تریش کە نامەیەکە لە گاسور Gasur (دواتر بە نوزی ناسرا)و کە تیایدا باس لە پێدانی دانەوێڵە بە خەڵکی سیموررووم کراوە[3].

پادشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور زۆر لە دەستی سیموررووم بێزاربوون، شولگی Šulgi ( ٢٠٩٤-٢٠٤٧پ.ز/وەرگێر) پێنج جار لەشکرکەشیی لە دژدا ئاراستە کردبوو. تۆماری ساڵەکانی (٢٦)و (٢٧)و (٣٣)و (٤٥)و (٤٦)ی حوکمی شولگی بەم جۆرەن: ((ئەو ساڵەی سیمورووم Si-mu-ru-um$^{ki}$ وێران کرا))، ((ئەو ساڵەی سیمورووم بۆ جاری دووەم وێران کرا))، ((ئەو ساڵەی سیمورووم بۆ جاری سێیەم وێران کرا))، ((ئەو ساڵەی سیموررووم Si-mu-ur$_4$-ru-um$^{ki}$ و لولوبوم بۆ جاری نۆیەم (کە ئەمیان بەتەواوی بوو) وێران کران))، (( ئەو ساڵەی شولگی ... ئوربیلوم و سیمورووم و لولوبو و کارخاری هەروەها (؟) بە دەستێکی بەهێز (؟) لەسەر سەر لێیدان)). قەت ناکرێت ((وێران کردنەکە)) لەناوبردنی تەواوی بووبێت چونکە لە تۆماری ساڵی سێیەمی (؟) حوکمی ئیببی سین[٣] جارێکی تر ناوی دەبرێتەوە ((ئەو ساڵەی سیمورووم وێران کرا))[4].لە بەڵگەنامە ئابوورییەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا دوو پیاوی سیمورووم Si-mu-ru-um$^{ki}$ هەن ئەوانیش کیریپولومێ Kirip-ulme و تاپپاداراخ[5] Tappa-Darah . دواییتر سیموررووم لە لیستەکانی سەردەمی بنەماڵەی لارسا[٤] یاخود بنەماڵەکەی ئامورو دەردەکەوێت (ئەسڵی یەکەمی زنجیرەی نوێتری خوبوللو(خاررا) HAR.RA=*hubullu*)[6][٥]، دوایی چیتر لە نووسینە مێخییەکاندا دەرناکەوێت. بەپێی لیستە جوگرافییەکانی سەردەمی نوێی ئاشوری[7][٦]زابان Zaban (زاببان Zabban، زانبان Zanban) چووە جێگەی سیموررووم[8].

ناوی زابان زۆر لە نووسراوەکانی پادشایانی ئاشوردا دووبارە دەبێتەوە، سەرەتا لە لایەن ئاشورناصیرپالی دووەمەوە (٨٨٣-٨٥٩ پ.ز/ وەرگێڕ). لە ڕاپۆرتی فراوانیی داگیرکارییەکانی باسی ئەم مەودایە دەبینرێت: ((لە قەراغی ئەوبەری زێ تا شاری تیل باری Til-Bâri، کە (کەوتۆتە) سەرووی زابان Zaban) ($^{\text{mât}}$Za-ban el-la-an ša شێوازی تری ناوەکە ئەمانەن: $^{\text{âl}}$Za-ban، $^{\text{âl}}$Za-ban$^{\text{an}}$)[9][٧] لەمەوە دەبێت ئەو باوەڕەمان بۆ دروست ببێت کە پێویستە لە باشووری زێی خوارو (بچووك) بۆ زابان بگەڕێین، ئیستنتاجی تر ئەسڵەن ڕێیان تێ ناچێت چونکە لە بارەی شوێنی تیل بارییەوە هیچی تر نازانین. کاتێك شەلمانەصەری سێیەم (*پادشای ئاشور ٨٥٨-٨٢٧ پ.ز/ وەگێڕ*) [10]بەرەو وڵاتی بابل ڕۆیشت شاری زابان $^{\text{âl}}$Za-ban یەکەم وێستگەی گەورەی سەر ڕێگەی ڕۆیشتنی بوو پاش دەرچوون لە وڵاتی ئاشور. لەوێدا قوربانیی پێشکەش بە ئادادی خواوەند کرد. پاشان ڕووی کردە شاری مێطورنات Mêṭurnat کە پێ دەچێت نزیکی تێکەڵبوونی ڕووباری نارین ـ صو بە دیالە بێت[11].

شامشی ئادادی پێنجەم[12] (کوڕی شەلمانەصەر) بە تەقریبی هەمان ڕێگەی بەرەو وڵاتی بابل گرتەبەر: پادشا لە زێی خوارو (بچووك) پەڕییەوە و لە نێوان دوو شاری زاددی Zaddi و زابان $^{\text{âl}}$Za-ban و کاتێك لە ڕووبارەکانی کێوەکە پەڕییەوە سێ شێری کوشت، کێوی ئێبیخ Ebih (حەمرین)ی[13] جێهێشت و شاری مێطورناتی گەمارۆ دا. لە نێوان ئەو شارانەی لە شەلمانەصەری سێیەم یاخی ببوون کە لە هەمان ئەو نووسراوەی شامشی ئادادا ناویان هاتوون ناوی زابان لەم سیاقەدا هاتووە:

$^{\text{âl}}$Dûr-balâṭi $^{\text{âl}}$Da-ri-ga $^{\text{âl}}$Za-ban $^{\text{âl}}$Lu-ub-du $^{\text{âl}}$Arba-ha (Arrapha), $^{\text{âl}}$Arba-ilu.[14]

شاری دوور ـ بالاطی[٨]، شاری داریگا، شاری زابان، شاری لوبدو[٩]، ئارباخا (واتە ئارراپخا)، شاری ئاربائیلو.

زابان لە مێژووی هاوچەرخدا[١٠] دوو جار دەردەکەوێت. ئاشوردانی یەکەم ( ١١٧٩ـ ١١٣٤پ.ز / وەرگێر) بەرەو وڵاتی بابل ڕۆیشت و شاری زابان $^{\text{[â]l}}$Za-ban و ئیرریا Irrija و ئوگار سالـ[لو] Ugar-Sal[lu]ی تالان کرد[15]. ئاداد نیراریی دووەم و نابوشوموکینی یەکەم (*پادشای یەکەمیان ئاشورییە و دووەمیان بابلییە/ وەرگێر*) ، سنوورەکانی نێوان وڵاتی ئاشور و وڵاتی بابلیان دەستنیشان کردەوە، سنوورەکان لە شاری تیل باری Til-Bâri (= *گردی باری/ وەرگێر*) کە ((دەکەوێتە سەرووی زا[بان])) $^{\text{âl}}$Za-[ban] el-la-an šá ( تەماشای سەرەوە بکە لەو شوێنەی باسی ئاشور ناصیرپالی دووەممان کردووە) دەڕۆیشت تا تیل ـ شا ـ باتانی Til-ša-bâtani و تیل ـ شا ـ زابدانی Til-ša-Zabdani [16] . نوێترین

ناوهێنانی زابان کە لە نووسراوی مێژووییدا هەبێت ئەوەیە کە لە نووسراوە لوولەکییەکەی کۆروشە (*یەکەم پادشای هەخامەنشی/ وەرگێڕ*). پادشا باس لەوە دەکات ئەو پەیکەرانەی خواوەندەکان کە لە لایەن پاشایانی پێشووتر بە تالانی برابوون ئەو گەڕاندنیەوە پەرستگاکانی خۆیان، لە ناو ئەمانەشدا ناوی (شارکانی) ئەکەد و ئێشنوناک **Ešnunak** (*تەل ئەسمەری نزیک باقووبە/ وەرگێڕ*) و زامبان **ālZa-am-ba-an** و مێطورنو **Meṭurnu** و دێر **Dêr** دەبات[17].

لە نووسراوەکەی کۆرۆش و لەو نووسراوەی (بەلاوات)ی شەلمانەصەری سێیەم کە لە سەرەوەدا باس کرا ئەوە دەردەکەوێت کە زابان سەر بەو ناوەندە کەلتوورییانە بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ناو فەزای کەلتووری بابلیدا خاوەن جێ و پایە بوون. دەقی تریش پشتیوانی ئەمە دەکەن، لە بەڵگەنامەی **KARIII ,Nr.142, III,14**، ئادادی زابان **ālZa-ban** وەك یەکێك لە حەوت ئادادەکان ناوبراوە و پەرستشێکی تایبەتی پێشکەش دەکرا.

لە لیستی ناوی پەرستگەکاندا ژمارە ٨١-٢-٤، ٢٥٢، ناوی پەرستگە سەرەکییەکانی شاری ئاشور هاتووە، بەڵام هەروەها هەندێك پەرستگای دەرەوەی ئەویش زیاد کراوە. زابان بەپاڵ ئاربائیلو و کوربائیلو **Kurbailu** و بابل دیارە[18]: لیستەکە ناوێك بۆ پەرستگەی ئاغای زابان (واتە ئاداد) **â l Za-ban** [19] و دوو ناو بۆ ئێکوررو[١١] ***êkurru*** (واتە لەوانەیە هەموو ناوچەی پەرستگە)ی زابان **ālZa-ban** [20]. لە لەوحی یەکەمی زنجیرەی جادووی ماقلوو **Maqlû**[١٢] ئەم پاراگرافە هەیە[21]: ((زاببان **Zab-ban**ی شاری خۆم، زاببانی شاری خۆم، زاببانی شاری خۆم دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان ڕووەو ڕۆژهەڵاتە و ئەوەی تر ڕووەو ڕۆژئاوا)).

ڕاستە ئەو پەیوەستە ڕوون نییە چی پەیوەستێکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ڕوونە کە شارەکە هەروەها لە جادووگەریی بابلیدا دەورێکی دیاریکراوی بینیبوو. لە لیستێکی قوربانی سەردەمی نوێی بابلی[١٣](ساڵی بیستەمی نەبوخەدنەسەری دووەم) ئەمانە ناوبراون: خوداوەندەکانی سیپپار، پاشان ئاداد و شالا **Šala**ی شاری زاببان **ālZab-ban** [22]، لە کۆتاییشدا نێرگال و بووکی خودایی پەرستگە لە ئوپییا **Upija**.

لە نامەیەکی سەردەمی کاشیدا (**LUZ,PBS,I,2** ژمارە ٦٣،٤) شاری زانبان **ālZa-an-ba-an** لەگەڵ شاری پادان و لوبدی **Lubdi** ناوی هاتووە، بەڵام جێگەی داخە سیاقی قسەکان زۆر تێکچووە و شوێنەکەی شکاوە. زابان چەند جارێك لە نامەکانی سەردەمی نوێی ئاشوریدا دەبینینەوە.

لە نامەی ٣١١ی هارپەردا (هارپەر، نامەکان،بەرگی ٣، نامەی ژمارە٣١١، پشتەوە، دێڕی ١٠) وتراوە کە فەرمانڕەوای ئارراپخا بۆ شاری زابان **ālZa-ban** دەربچێت. دیارە شارەکە سەر بە هەرێمی ئارراپخا بوو. لە نامەی هارپەر (بەرگی ٥، ژمارە ٦٤١، پشتەوە دێڕی ١٧) ئەمە دەخوێنینەوە: ***ul-tu ālZa-an-ban a-di Sip-parki*** (*لە شاری زانبانەوە بۆ سیپپار/ وەرگێڕ*) ، کەواتە پێدەچێت زابان زۆر لە سیپپار دوور نەبووبێت.

باسی نامەی هارپەر ٥١٦،٦، پشتەوە ،٤، باسی زابان **ālZa-ban** و پەیوەندییەکی بە ئەسپ و کێوەوە هەیە، وڵاتی دادونی **Da-du-ni**ش کە لە هەمان کاتدا ناوبراوە لەوە ناچێت لە غەیری ئێرەدا ناوی هاتبێت. جگە لەمەش زاببان **ālZab-ban** هەروەها لە هارپەر، ١٢ ،١١٩١، دێڕی ١٢ لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ شاری لوبدا **Lubda**دا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی ڕوون نییە.

بەم شێوەیەش هەموو زانیارییەکان کە تا ئێستا بە دەست کەوتوون لە بارەی سیموررووم و زابان کۆکرانەوە. ئێستاش چەندین پرسیار دێنە ئاراوە:

١-ئایا سیموررووم ناوی وڵات بوو یان ناوی شار؟

٢-ئەگەر سیموررووم ناوی وڵات بووبێت ئایا زابان ئەوکاتە ناوی پایتەختەکەی بووە؟[23]

٣- ئەگەر سیموررووم ناوی شارێك بووبێت ئایا زابان وەکو ناوی نیشتەنییەکی نوێ تەماشا بکەین کە لە هەمان شوێندا( دوای لەناوچوونی سیمورروم) دروست کرابوو؟ [24]

٤-لەکوێ بۆ سیموررووم و زابان بگەڕێین؟

وەڵامی سێ پرسیاری یەکەم بە یارمەتی دەقێك، کە تا ئێستا هیچ حیسابێکی بۆ نەکراوە، ئاسانتر دەبێت. دەقەکە بەڵگەنامەی حقووقیی سەردەمی بابلی کۆنە (٨٨-٥-١٢، ٧١١) کە لە لایەن پرنچس Prinches لە CT ژمارە٤ لەوحی ژمارە٤٧ بلاوکراوەتەوە و لەلایەن شۆر Schorr لە VAB ژمارە (٥) دەقی ژمارە ٣٠٥ و ئونگنات Ungnad لە ((یاسای حامورابی)) بەرگی ٣، ژمارە ٧٤٢ لێی کۆڵراوەتەوە. لە دێری دووەمی ئەم دەقەدا وەك دیارە شوێنێك هاتووە ئەویش لیشیموروم Li-ši-mu-ru-um$^{ki}$ . لەدێری (١٩) شدا باس لە زابانە Za-ba-an$^{Ki}$ . بەڵگەنامەی ٨٨-٥-١٢، ٧١١ بریتییە لە لەوحێکی ناوەوە، بەرگەکەشی بریتییە لە ٨٨-١٢، ٧١٢، کە لە CT بەرگی چواردا بلاوبووەتەوە، بەلام جێگەی داخە ئەویش هەروەها نووسینەوەی تەواوی لەلایەن پرنچسەوە لەگەڵیدا نییە. نوسخەیەکی ئەمیان لە جێماوەکانی پرنچسدا هەیە. ئەم نووسینەی سەر بەرگەکە گرنگە چونکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ نووسینی دەقی لەوحەکەی ناوەوە ڕێکە بەلام لەڕووی دەقەوە زۆر جیاوازە (کە ئەمە زۆر دەگمەنە)(١٤). سەرەتای ٨٨-٥-١٢، ٧١٢ ئەمە دەڵێت *:



88-5-12,712

*$^{1}$tuppum aš-šum 1 imêr bi-il-tim ša i-na li-bi $^{2}$Ši-mu-ur-ru-um$^{ki}$ itti Warad-$^{d}$En-líl ù Ṣilli$^{lí}$-Ištar ŠEŠ. A. NI $^{3}$mârê$^{meš}$ Kù-$^{d}$Nin-šubur $^{I}$Ilu-šu-a-bu-šu mâr $^{d}$Sin-na-ṣir $^{4}$i-gu-ru-šu-ma imêrum ih-li-qú-šu.*

لەمەوە بێ سێو دوو دیارە کە دەبێت لە ٨٨-٥-١٢، ٧١١ نەك i-na Li-ši-mu-ru-um$^{ki}$ (*لە لیشموروومدا/ وەرگێر*) بخوێنرێتەوە بەڵکو i-na li<-bi> Ši-mu-ru-um$^{ki}$ (25) (*لە ناو شیموروومدا/* وەرگێڕ) زابان لە دێری ١٩ی ٨٨-٥-١٢، ٧١١ ناوبراوە. پەرەگرافەکە دەڵێت:

*$^{19}$a-na 6 šiqil kaspim ša Za-ba-an$^{ki}$ $^{20}$ù 10 šiqil kaspim $^{21}$ša Sippar$^{ki}$ ra-bi-im $^{22}$aš-šum imêr-šu-nu il-qú-ú $^{23}$a-na Warad-$^{d}$En-líl ù Ṣilli$^{lí}$-Ištar $^{24}$ $^{I}$Ilu-šu-a-bu-šu mâr Sin-na-ṣir $^{25}$ ú-ul e-ra-ga-am.*

بەلام لەسەر بەرگەکە ٨٨-٥-١٢، ٧١٢ پەرەگرافەکە ئەمە دەڵێت:

*$^{15}$a-na 6 šiqil kaspim $^{16}$ša i-na Za-ab(?)$^{(26)}$-ba-an$^{ki}$ ù a-na 10 šiqil kaspim i-na Sippar$^{ki}$ $^{17}$ša ta-am-gi-tim ša aš-šum 1 imêrim il-qú-ú $^{18}$ $^{I}$Ilu-šu-a-bu-šu a-na Warad-$^{d}$En-líl ù Ṣilli$^{lí}$-Ištar ŠEŠ. A. NI $^{19}$ú-ul e-ra-ga-am.*

دەقی ٨٨-٥-١٢، ٧١٢ دەری دەخات کە دەبێت وەرگێڕانەکە جیاواز بێت لەوەی شۆر و ئونگنات: ((دەربارەی شەش شیقلە(١٥) زیوەکە کە لە زاب(ب)ان ( 27) و دە شیقلە زیوەکە کە لە سیپپار(ی گەورە) (28) بۆ گوێدرێژەکان وەرگیرابوون، با ئیلوشو-ئابوشو (کوڕی سین-ناصیر) دژی واراد - ئێنلیل و صیللی- ئیشتاری برای هیچ ناڕەزایی دەرنەبڕن)).

بەهۆی ئەم بەڵگە حقوقییە بابلییە کۆنەوە ئیتر ئەوە هەڵە نابێت کە سیموررووم و زابان لە یەك کاتدا پێکەوە هەبووبن و لەبەرئەوە دەبێت پرسیاری سێیەمی سەرەوە بە نەخێر وەلام بدرێتەوە.

لەمەوە گومان لەوەدا نییە زابان ناوی شارێك بووبێت. لەڕاستیشدا وەکو ئیحتمال دەمێنێتەوە کە سیموررووم وەك ناوی ئەو وڵاتەی سەر بەو بزانرێت، ئەم ناوەی دواییش چیتر بەکار نەدەهات پاش ئەوەی دواتر ناوچەکە خرایە ناو پێکهاتی دەوڵەتی بابلی. بە هەرحاڵ دەقەکانی سەرەوە دژ بەم ڕایە قسە ناکەن.

* لە بابەتەکەی (هەزارمێرد)دا و سەرەڕای وردەکاری لە چاپدا هەڵە لە هێماگۆڕینەکانی سەرەوە کرا ، لێرەشدا چاکیان دەکەم. ژمارەی پێش برگەکان ژمارەی دێڕەکانە.

هەردوو خەڵکەکە، کە بەپێی بەڵگەنامە بابلییە کۆنەکەی لە سەرەوەدا باسی لێوەکرا گوێدرێژیان بە کرێ بە پیاوێکی سیپپار دابوو، لە زابانی پایتەختدا نەژیابوون بەڵکو لە شوێنێکدا لە وڵاتی سیموررووم. بەلأم عەقدی کرێکە لە زاباندا ، لەڕاستیدا لەوانەیە لە پەرستگەی ئاداددا، بەسترا بوو و هەر لەوێشدا پارەی عەقدەکە درا کە شەش شیقلی زیو بوو. دواتر کە گوێدرێژەکە بەلەسە بوو خاوەنەکان بە شکاتەوە ڕوویان کردە سیپپار و لەوێدا قەرەبووی دە شیقلیان وەرگرت [29] .

کەواتە لە کوێدا بۆ سیموررووم و زابان بگەڕێین؟ تا ئێستا هەردوو ناوەکە بە ناوی یەك شار زانرابوو و کە بە زۆری لای ئاڵتون کۆپری[30]، باکووری ڕۆژئاوای کەرکووك و لەسەر زێی خواروو بۆ گەڕابوون و کە زابان لەگەڵ ناوی ڕووباری (زاب) پەیوەست کراوە. پێشتر ئالبرایت ئەم ڕایەی هەبوو [31] و دواتر لێی پاشگەز بووەوە چونکە بە هیچ جۆرێك شوێنەوار لای ئاڵتون کۆپری نییە. دوایی زابانی لە دەوروبەری (تەل عەلی) لە بەشەکانی خوارووی ڕووباری زێ لەسەر هێڵی ڕاستی نێوان ئاشور و کەرکووك (ئارراپخا) دانابوو[32]. پێشتر فۆرەر لە ساڵی (١٩٢١) ڕایەکی زۆر دروستی لەم بارەیەوە هەبووە. ئەو وازی لەو بۆچوونە هەڵەیەی هێنابوو کە دەبێت لەسەر زێی بچووك بۆ زابان بگەڕێین و لە جیاتی ئەوە زابانی لای تازە خورماتو، باشووری کەرکووك دانابوو.

ڕاستییەك هەیە مایەی هەندێك سەریەشەیە بۆ ئەوانەی زابان بە ئاڵتون کۆپری دەزانن ئەویش ناوی زابان و سیپپار پێکەوە دووبارە دەبنەوە (نامەکانی هارپەر، بەرگی پێنجەم، ژمارە ٥١٦، VAS، بەرگی شەشەم، ژمارە ٢١٣). بۆیە بەوە خۆیان لەم کێشەیە ڕزگارکردووە کە بڵێن زابانێکی تر لای سیپپار هەبووە، بەلأم بەڵگەنامەی سەرەوە (٨٨-٥-٧١١،١٢+٧١٢) بە ڕوونی پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: لەم بەڵگەنامەیەدا زابان نزیك سیپپار دەردەکەوێت، بەلأم لە هەمان کاتدا و وەك چۆن ئێستا دەسەلمێنرێت، ناوی سیموررووم هاتووە، کەواتە تەنها یەك زابان لە سیموررووما هەبوو.

خاوەنەکانی گوێدرێژ کە بەڵگەنامەی ناوبراو لە بارەی ئەوانەوەیە، لە سیموررووما دەژیان، ئەو پیاوەش کە ئاژەڵەکەی بە کرێ گرتبوو لە سیپپاردا دەژیا. بەڵگەنامەی بەکرێدانەکە لە زاباندا نووسرابووەوە کە مەرکەزی پەرستشی سیموررووە. تەنانەت ئەگەر تەسلیم بەوەش بین کە گوێدرێژی بارهەڵگر بە تایبەتی لە سیموررووم نرخی بۆ دادەنرا، بەزەحمەت ئەوە قبوڵ دەکرێت پیاوێك لەسیپپاردا دەژی گوێدرێژێك لە ناوچەی ئاڵتون کۆپرییەوە بهێنێت، چونکە ئاڵتون کۆپری نزیکە ٣٠٠ کیلۆمەتری هەوایی لە (ئەبو حەببە)وە ــ کە وێرانەکەی سیپپارە ــ دوورە (ئەمەش ڕێك وەکو ئەوەیە مرۆڤێك لە بەرلین گوێدرێژی بارهەڵگری پێویست بێت و لە "بریمن" یاخود "کاسل" بیهێنێت). هەروەها دەستنیشان کردنی ناوچەی تازە خورماتلی بۆ زابان بەرای من بایەخی نییە (ماوەی هەوایی نێوان ئەبو حەببە و تازە خورماتلی نزیکی ٢٤٠ کیلۆمەترە)، دەبێت هێشتا باشوور تر بۆ سیموررووم و زابان بگەڕێین.

دەتوانین هەنگاوێکی زیاتر بچینە پێشەوە بەوەی جارێکی تر بە زانیارییەکانی ناو نووسینەکانی شەلمانەصەری سێیەم و پێش هەموو شتێك ئەوانەی شامشی ئادادی پێنجەمدا بچینەوە. دیارە هەردوو پاشاکە بە تەقریبی هەمان ڕێگەیان گرتبووە بەر کاتێك لە شکرکەشییان لە وڵاتی ئاشورەوە ڕووکردبووە وڵاتی بابل، ئەویش ڕێگایەکە چەماوەیەکی فراوانی بەرەو ڕۆژهەلأت دروست کردبوو. لەمەدا ئەکیدە مەبەست خۆلادان بوو لە قەلأ قایمەکانی سنووری باکووری وڵاتی بابل.

دوای پەڕینەوە لە زێی خواروو پێدەچێت پادشای ئاشوری بە درێژایی قەراغی ڕۆژهەلأتی باکووری جەبەل حەمرین (زنجیرەی ئێبیخ Ebih) ڕۆیشتبێت، ئەم کێوەی لە شوێنێکی گونجاودا بڕیبێت، واتە بە زۆری لەو شوێنەی شەتی (عزێم) شاخەکە دەبڕێت، پاشان ڕێگەی قەراغی ڕۆژئاوای باشووری هەمان زنجیرەی گرتبووەبەر ئەویش بۆ ئەوەی ئەو لایەیان لاتەنیشتی لەشکرەکەی بپارێزێت و نزیك ئەو شوێنەی ڕووباری نارین صو دەڕژێتە ناو دیالە گەیشتە ئامانجی یەکەم کە شاری بابلیی مێطورنات Mêṭurnat بوو. لە ڕێگەکەدا شەلمانەصەر لە زاباندا وەستا.

شامشی ئادادی پێنجەمیش هەروا ناوی شارەکە دەبات بەلأم دڵنیایی لەوەدا نییە ئەگەر چووبێتە ناوی. لەبەرئەوەشی لە نووسراوەکەیدا پێش دەربەندی حەمرین ناوی بردووە دەبێت باکوورتر بۆی بگەڕێین. بەڕای من شیاوترە لەو ناوچەیەدا دایبنێین کە شەتی عزێم زنجیرە چیاکە دەبڕێت.

ناوبردنی ئەو شارانەی لە شەلمانەصەر سێیەم یاخی ببوون و کە ئەو ناوبردنە لە نووسینی شامشی ئادادی پێنجەمدا هاتووە[١٦] بۆ ئەم دەستنیشانکردنە گونجاوە. بە حساب کردنی پەرەگرافی خوارەوە کە پێشتر پیتاو پیت هێنابوومانەوە، من لەوە دڵنیام کە لێرەدا ڕەچاوی تەرتیبە جوگرافییە تەواوەکە کراوە و لە دوور ـ بالاطی **Dûr-balâṭi** یەوە تا ئاربائیلو ئەو شارانە ناوبراون کە نزیك سنوری باشوور و ڕۆژهەڵاتی دەسەڵاتی ئاشوریدا بوون. شاری دوور ـــ بالاطی، کە زنجیرەکە بەوەوە دەست پێدەکات، بەپێی ڕێبەری ڕێگای وردی ناو ساڵ ًنامەکانی توکولتی نینورتای دووەم (٨٩٠-٨٨٤پ.ز/ وەرگێڕ) ڕۆژەرێیەکە باشووری راپیقوم **Rapiqum**، لەسەر قەراغی ڕۆژئاوای فورات، بە تەقریبی بەرامبەر قەڵای فەللوجەی ئەمڕۆ یان شتێك باشوورتر بۆی بگەڕێین. لە کۆتایی زنجیرەکەدا ئارراپخا هەیە = کەرکووکی ئەمڕۆ و ئاربائیلو= هەولێری ئەمڕۆ. لە نێوان دوور بالاطی و ئارراپخا ناوی داریگا و زابان و لوبدو هاتووە.

لوبدو ئێجگار زۆر لە دەقەکانی (نوزی)دا هاتووە، کەواتە دەبێت زۆر دوور نەبێت لە کەرکووك. کاتێکیش فۆرەر( *نەخشەی ژمارە (١)ی کتێبی* ***Provinzeinteilung****)* شارەکەی بە تەقریبی لای تاووق، نیوەی ڕێگای نێوان تازە خورماتلی و تووز خورماتلی، داناوە وا دیارە تا ڕادەیەك ڕاستی کردبێت. ئیدی شتێکی زۆر باش دەبێت بۆ ئەمە ئەگەر زابان، کە کەوتبووە نێوان دوور- بالاطی و لوبدو، لە ناوچەی دەرچوونی عزێم لە حەمرین دابنێین. ئینجا لەڕاستیدا دووریی زابان لە سیپپار هێشتا نزیکی (١٧٠) کیلۆمەتری هەواییە (شتێك دوورترە لە چاو ماوەی هەوایی نێوان "بەرلین" و "هالە" یاخود "بەرلین" و "لایپتزگ") بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا زۆرتر نییە لەو (٣٠٠) کیلۆمەترە ئەویش ئەگەر زابانمان نزیك ئاڵتون کوپری دابنایە.

کەواتە لەوانەیە پەیوەندییە پتەوەکەی نێوان سیپپار و زابان، کە چەند جارێك بەڵگەی لەسەر هاتووە، لەسەر پەیوەندییە بازرگانی و کەلتووریەکەی نێوان دوو شارەکەدا بنیات نرابێت.

مرۆڤ دەتوانێت وڵاتی سیمورروم، کە زابان پایتەختی بوو، لە ڕۆژهەڵاتی باکووری[١٧] ئەو بەشەی جەبەل حەمرینی نێوان عزێم و دیالە دابنێت ئەویش ئەگەر دەست نیشانکردنەکەی سەرەوەی زابان ڕاست بێت. ئاسانیش نییە بڕیار بدەین وڵاتەکە چەند باکوور تر درێژ دەبووەوە، بەلاّم بە هەرحاڵ چاکترە موبالەغە نەکرێت لە درێژبوونەوەی. دراوسێکەشی لە بەری چیاکانی زاگرۆسەوە وڵاتی لوللو بوو کە پێکەوە لەگەڵ ئەودا لە دوو تۆماری ساڵی شولگیدا هاتووەو بەدڵنیاییەوە لەڕووی فراوانی وەك چۆن لەڕووی گرنگێتی سیاسیشەوە زۆر لە پێشەوە بوو.

بە شێوەیەکی مەبدەئی مەسەلەیەکی تا ڕادەیەك لاوەکییە کە سیمورروم شتێك باکوورتر یان باشوورتر بووبیٚ، بەلاّم دەرەنجامەکان لای من شتێکی کەم نین، ئەو دەرەنجامانەی مرۆڤ لێیانەوە دەتوانێت بگاتە ئەنجام لەبارەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە وڵاتی دووربار دەوروبەری ئەوکاتەی هەزاری سێیەمی پێش زایین کۆتایی پێهات و هەزاری دووەم دەستی پێکرد.

سیمورروم زۆر لە وڵاتی بابل دوور نەبوو و بێگومان زنجیرە گردەکەی حەمرین کە تەنها ٣٠٠ مەتر بەرزە پارێزگارییەکی سنووردار هیچی تر نابەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە بچووکە بە توندی دژ بە هەوڵی چۆك پێدادانی وەستاو دەبوایە پادشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور بەردەوام هەڵگەڕانەوەی نوێیان کپ بکردایەتەوە. کە وڵاتی بابلیش ئەم کارەی بۆ وڵاتێکی وەها نزیك پێویست بووبێت، مرۆڤ دەتوانێت تەسەوری ئەوە بکات وڵاتانی دوورتر بەناحەزییەوە نەبێت ملیان بۆ نیری پادشایانی ئور کەچ نەکردبوو.

لەمەوە و بەڕای خۆم دەبێت مرۆڤ زۆر بەووردی بەو بۆچوونەدا بچێتەوە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت بەراستی باس لە ((ئیمپراتۆریەتێکی)) سومەری نویٚ[١٨] لە کاتی ئور ـناممو و پادشایانی دوای خۆی بکات. ڕەنگە فەرمانڕەوایانی سەر بە پادشایانی ئور لە سوسە وئاشوردا دانیشتبن و ئاشور نزیکی (٦٠٠) کیلۆمەتری هەوایی لە ئورەوە دوور بوو (بە تەقریبی وەکو ماوەی هەوایی نێوان بەرلین و ئینسبروك)، ئەمەش تەنها واتای ئەوەیە کە پادشایانی ئور دەسەڵاتیان بەسەر شەقامە گەورەکانی سەر ڕێڕەوی ڕووبارەکان و ڕێگاوبانە هەر سەرەکییەکانی چیاکانی ڕۆژهەڵات هەبوو بەلاّم بەحاڵ ئەگەر هەروەها ناوچەکان بەجیا لە ڕێگاوبانەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان بووبێت. وەك دەقە ئابوورییەکانیش سەلماندوویانە، ئەو

پێراسپاردراوانەی کە پادشایانی ئور بۆ وڵاتانی دوورتر ناردبوویانن ئەو ڕاستییەیان فێرکردن کە پەیوەندیی دپلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتانە سەرکەوتوو دەبن نەك ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی پادشایانی ئور بن.

بێگومان ((ئیمپراتۆریەتی)) سەردەی سومەریی نویٚ وڵاتی بابل خۆی دەگرتەوەو مەگەر چۆنەها گەورەتر بێت لە باشووری ئەڵمانیا لە خوارووی دارستانی تورینگەر **Thüringer**. پادشایانی ئەکەد، پێش هەموویان نارام سین ئیمپراتۆریەتی ڕاستەقینەیان هەبووە ڕەنگە جارێکی تر ئیمپراتۆریەتێك، ئەم جارە تا ڕادەیەکی گەورە ئیمپراتۆریەتێکی کاتی بوو، لە ساڵەکانی دوایی حامورابیدا دامەزرا. تەنها دواییش بوو پادشایانی سەردەمی نوێی ئاشوری جارێکی تر پێکهاتەی دەوڵەتێکیان پێکەوە نا کە شایستەی ئەوەیە ناوی ئیمپراتۆریەتی لیٚ بنرێت.

## پەراوێزەکانی نووسەر

*حەزم دەکرد ناوی سەرچاوەکانیشم وەربگێڕایە بەڵام ئەمە زەحمەت بوو و باسەکەی درێژتر دەکرد بۆیە تەنها ڕوونکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە دەنووسم:*

*s. = بڕوانە، S. = لاپەڕە ، f.= (لاپەڕە ئەوەندە) و ئەوەی دوای خۆی ، ff. = (لاپەڕە ئەوەندە)و ئەوانەی دوای خۆی، Anm.= تێبینی، پەراوێز ژمارە.. ، Tf.= لەوح ، پلێت ( مەبەست ئەو پەڕە جیایەیە کە لە گۆڤار یان کتێبەکەدا هەیە و وێنەی لەسەرە) ، Z.= دێڕی ژمارە.. جگە لە ناوی سەرچاوەکان کە بە لاری نووسراون نووسینە لارەکانی تر هی دەق و وشەی ئەکەدین و ڕێکەکان هی سومەرین (وەرگێڕ)*

**1-A.Pohl,*Vorsargonische und sargonische Wirtschafstexte*, Nr.151,Rs.10-12(s. Thureau-Dangin, RA 33, S.62).**

**2-A.Boissier, *RA 16*, S.164,Z. 34f.**

بۆ ئەمە بڕوانە:

**A.Ugnad, *Subartu*, S. 144; Gelb, *Hurrians and Subarians*, S.55.**

**3-Th.J. Meek, *Excavations at Nuzi III*, Nr.5, Z.10: *Si-mu-*$ur_4$*-rí-ù*$^{ki}$ (s.ib., S.XVIII f. ; AASOR 13, S.5-7).**

٤- بڕوانە:

**Ungnad, *RLA II*, S. 141f., 145; N. Schneider, *Anal. Orient*. 13, S. 15f. , 20-22, 37.**

(لێرەدا وەك ساڵانی ٢٣، ٢٤، ٣٠، ٤٢، ٤٣ ی شولگی حساب کراون).

**5- Ugnad, *Subartu*, S. 144 ; G. R. Meyer, *Afo13*, S.149; Gelb, *Hurrians and Subarians*, S. 114.**

خوێندنەوەی ناوی دووەم (کە ئەکید نییە) بەپێی (گۆتزە) یە ئەویش لە **JCSt 1** لاپەڕە ٢٦٠. گۆتزە ڕستەی زیاتری فاڵی وەرگرتووە کە سەرکەوتنێکی شولگی بەسەر تاپپا داراخ باس دەکەن؛ لەبارەی ئەمەوە گۆتزە ئەو ئیحتمالە سەیروخۆشەی دەربڕی کە مەسەلەکە لەبارەی میری سیموررومە کە بەپێی تۆماری ساڵی ٤٥ لەساڵی چل و چوارەمی شولگیدا پادشای ئور دەستگیری کرد.

**6-Chiera, *Sum. Lex. Texts*, Nr. 215, Rs. 4, 9; Jean, *RA32*, S. 171,Vs. VI, 23.**

**7-*VR 12*, Nr.6, 44; *Si-mu-ra*$^{ki}$ =SU=*Zab-ban*; *KAV 183*,** 18: ***Si-úr-ru*$^{ki}$=ŠU=$^{âl}$*Za-ban*.** سیمورا=سو=زاببان، سیئورو=شو=زابان

٨-سەرەتا سایس ئاماژەی بۆ ئەمە کرد: **Sayce, PSBA, 21 (1899)** لاپەڕە٢٠ تێبینی ژمارە ٢. پاشان مایسنەر (***OLZ 1919*, Sp. 69f**) بە دوورو درێژی لێی وردبووەوە. بۆ زابان بڕوانە:

**Delithzsch, *Paradies*, S.203; Streck, *Babyloniaca* 2, S.233, Anm.1; Schlobies, *MAOG I*, 3, S. 18.**

**9-King, *AKA*, S. 163, 13; 169, 15; 175, Rs.2; 180, 26; 194, 18; 217, 10; 344, 30.**

**10-*Balawat-Inschrift IV*, 2f. (Billerbeck-Delitzsch, *BA VI*, 1, S. 136, 139.**

١١-بڕوانە
Billerbeck, *Das Sandschak Suleimania*, S. 55; Albright, *JAOS* 45, S. 213; Weidner, *Afo 9*, S. 96.
12-*IR* 31, IV, 1-1=Abel, *KB*, I, S. 184f.

١٣-بۆ ئەمە بڕوانە:

Weidner, *Afo* 9, S. 96; *ZA 43*, S. 118, Anm. 2.
14-*IR* 29, I, 48f.=Abel, *KB* I, S. 176f.
15-*CT 34*, Tf. 42, K 4401 b, II, 9-12.
16-*CT 34*, Tf. 40, Z. 20f.
(لە جیاتی نابو ـ شوما ـ ئوکین Nabû-šuma-ukîn دەقەکە بە هەڵە ناوی نابو ـ شوما ـ ئیشکون Nabû-šuma-iškun دەدات).

17-Weissbach, *VAB 3*, S. 6f. Z. 31.
١٨-بڕوانە Unger, AO 27, 3 ل ١٦، تێبینی ژمارە (١) و RLA, I ل ١٨٠ (دەقە مێخییەکە هێشتا بلاّونەبۆتەوە، بەلاّم توانیم وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەراورد بکەم) لەلایەن ئێبەلینگەوە Ebeling بەپێی دەقی وێنەکەی تەواوکراوە:
Ebeling, *Onientalia*, 17, Tf. 43, Z. 9f = Tf. 45, Z. 14f = Tf. 47, Z. 8f.

١٩-دێڕی ٣١:

[é-im-gal-kur-kur-ra-dir-dir(-ra)] = *[bîtu šá na] m-ri-ir-ru- [š]ú šadê$^{meš}$ ma-lu-u = bît $^{d}$Bêli ša $^{âl}$Za-ban.*

٢٠-دێڕی ٣٢:

[é-im-gal-kur-kur-ra-dul-la] = *[…] kàt-mu me-lam-mu-šú šadê$^{meš}$ mâtâti$^{meš}$ = êkurru ša $^{âl}$Za-ban;*

دێڕی ٣٣:

[…] = *[bîtu] šá me-lam-mu-šú mâtâti kàt-mu = êkurru ša $^{âl}$Za-ban.*

(نووسینە ڕێکەکە سومەرییەو لارەکە ئەکەدییە/ وەرگێڕ).

21-G.Meier, *Afo*, Beih. 2, S. 8, Z. 42-44.
22-*VAS VI*, Nr. 213, Z. 19f. (s. San Nicolò-Ungnad, *Neubabyl. Rechts- und Verwaltungsurk.*, S. 669, Nr. 815).
٢٣- جێگۆڕکێی ناوی وڵات و ناوی پایتەخت لە کاتی تریشدا ڕوودەدات. بۆ نموونە ناوەکانی پاددیرو یاخود پاتتیرو Padd(tt)iru و ئاللابریا Allabria، کە جێگۆڕکێ دەکەن، ناوی دوو وڵاتی دراوسێ نین وەکو چۆن من لە Afo ژمارە ١٤، ل٤٢ تێبینی٨ وای بۆ چووبووم، بەڵکو پاددیرو (پاتتیرو) پایتەختی وڵاتی ئاللابریا بوو. ئەمە لەوەی خوارەوە هاتووە:
*KAH II*, Nr. 113, IV, 10f. = *Sumer 6*, S. 16f., III, 62-IV, 1: *$^{âl}$pad-di-ra âl dan-nu-ti-šú ša $^{I}$Ja-an-zi-bur-ja-áš $^{mât}$Al-lab-ri-a-a,*

((پاددیرا، شاری قایمی یانزی بوریاشی وڵاتی ئاللابریا))

[یانزی بوریاش ناوی کەسە / وەرگێڕ ]

٢٤-گۆڕانی بەم چەشنەی ناوەکان دوای بنیاتنەوەیەکی نوێی شوێنەکە چەندین جار لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا دەبینرێت، مرۆڤ بۆ نموونە ئەوەی بە خەیاڵدا دێت کە گاسور لە شوێنە کۆنەکەی نوزیدا هەبووە و تولتول Tultul (یان توتتول Tuttul) لە شوێنە کۆنەکەی ئیتو Itu (هیت) هەبووە.
٢٥- *i-na li-bi Sippar$^{ki}$* ( = لەناو سیپپاردا/ وەرگێڕ) لە دێڕی ٩ بەراورد بکرێت. ئەگەری ئەوەی کە باسەکە لێرەدا لەبارەی سیموررو Simurru وە بێت لای بواسیێ لە KA ژمارە ١٦، لاپەڕە ١٦٠ شتێکی گریمانەیە.
٢٦-خوێندنەوەیەکی نائەکیدە بەلاّم زۆری پێ دەچێت ab بڕگەی am بێت.
٢٧-تا ئێستا ئەمە بە ((زیوی زابان)) ((زیوی سیپپاری گەورە)) وەرگێڕدراوە و مەبەست لێی ئەوە بوو باسەکە لەبارەی پارچە شیکلی نیشانکراوە (بڕوانە مایسنەر Meissner, *Babylonien und Assyrien* I, S.356 ). ئەمە ڕاست نییە وەك

چۆن دەقە درێژەکەی سەر بەرگەکە دەریدەخات. *[باوەڕەکەی مایسنەرم بە گومانەوە وەرگێڕاوە و دڵنیا نیم لەوەی مەبەست لە دراوە یان نا چونکە ئاشکرایە ئەو کاتە دراو نەبووە/ وەرگێڕ]*.

٢٨-لە لەوحی ناوەوە *Sippar*$^{ki}$ *ra-bi-im* . لە بەرگەکەش لە جیاتی ئەوە: *Sippar*$^{ki}$ *ša ta-am-gi-tim*. لەوەناچێت *ša ta-am-gi-tim* (بۆ تامگیتو *tamgîtu* "کەیف، دڵخۆشی") سەر بەناوی شاربێت بەڵام لێرەدا زیادەیەك هەیە کە هێشتا ئەهەمییەتەکەی دیارە.

٢٩-بۆ نرخی گوێدرێژ لە وڵاتی بابلدا بڕوانە مایسنەر

***Warenpreise in Babylonien*, S. 17f.**

٣٠- سەرەتا بیللەربێك: **Billerbeck, *Das Sandschak Suleimania*, S.4** دوایی مایسنەر **Meissner, *OLZ 1919*, Sp. 70 Anm. 46** و گێلب **Gelb, *Hurrians and Subarians*, S.57** هەروەها گۆتزە **Götze, *TCSt* .1, S. 260,**

**31-*JAOS 45*, S.210.**

**32-*JAOS 46*. S.225.**

**33-*Provinzeinteilung*, S.42.**

**34-Meissner, *OLZ 1919*, Sp.70, Anm. 1; Ungnad, *ZDMG 67*, S. 134**

(لەگەڵ تێبینیی ژمارە ٩).

٣٥-لەڕاستیدا ئەو دەورە بچووکەی گوێدرێژ، کە وادیارە لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی دەقەکانی نوزی سەربەو بوو بینیبووی پشتگیری ئەمە ناکات (بڕوانە کرۆس **D. Cross, *Montable Property in the Nuzi Documents*, S. 20-22**). بەڵام هەروەها بڕوانە ئەو دەقەی لەلایەن (چیرا)وە لێی کۆڵراوەتەوە

**Chiera, *AJSL 47*, S. 281ff**

٣٦-پشتەوە، ٥٥ بەدواوە (لێکۆڵینەوەی شیل)؛بڕوانە ئونگەر **RLA,II** ل٢٤٣ کە بەهەڵە دوو شاری هەمان ناوی جیاکردۆتەوە.ناوهێنانی کۆنتری دوور-بالاطی لەتۆمارێکی ساڵی نارام سینی ئێشنوننا بوو(بڕوانە فرانکفۆرت **(Frankfort,*OIC 13*, S.35)**.

٣٧-بەپێی فۆرەر (**Forrer, *Provinzeinteilung*, S.13**) بەرامبەر ئەو شوێنەدا بۆی بگەڕێین کە لەوێدا نەهر صەقلاوییە (ڕوبارێکە نزیك فەللوجە/ وەرگێڕ) لە فوراتەوە وەرگیراوە. بڕوانە بۆ ئەمە ئالبرایت **Albright, *JAOS 45*, S. 206 + 46, S.224.**

٣٨-بڕوانە

**L. Oppenheim, *WZKM 44*, S.200 + *RA 35*, S.152; Cassin, *L'Adaption à Nuzi*, S.80; Meek, *Excavation, at Nuzi* III, S. XXVI; Pfeiffer-Speiser, *AASOR 16*, S.100; Lacheman, *RA 36*, S.121, a, Z.16; 206; Z.21; Berkooz, *Nuzi Dialect of Accadian*, S. 36, Anm. 71; 47, Anm. 44; 48; 59.**

بۆ ناوبردنی لوبدو لە دەرەوەی دەقەکانی نوزی بڕوانە ڤایدنەر

**Weidner, *AOB I*, S.58, Anm. 4; Lutz, *PBS I*, 2, S. 119, 121.**

٣٩-داریگا کە لە نێوان دوور ـ بالاطی و زاباندا ناوی هاتووە، ڕاستترە نزیك دیجلە یان ڕێك لەسەر دیجلە لە باکووری بەغدادا دابنرێت. فۆرەر (***Provinzeinteilung*, S. 12**) زۆر دوورتر بۆی دەگەڕێت، لە باکووردا ئەوبەری ئەو شوێنەی زێی سەروو (کە لە ***RLA II*** ل١٢٣ بە سەهوو کراوە بە زێی خواروو(!) ) دەڕژێتە ناو دیجلە.

٤٠- هاوتەریبێك بۆ ئەمە ئەوەیە کە دەبوایە پادشایانی ئاشور سەردەمانێکی درەنگتر جار لەدوای جار دژ بە چیانشینە سەرسەختەکانی جەبەل مەقلووب (لای ئاشورییەکان بە کێوی موزری $^{šad}$***Muzri*** ناسرابوو) بجەگێن و کە نزیك نەینەوا بوو.

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ

١- تۆماری ساڵ **Datenformel** (بە ئینگلیزی **Date Formula**) ڕێگەیەك بوو بۆ ناونانی ساڵەکان ئەویش بەپێی ڕووداوێکی دیاریکراو: سەرکەوتنێك، دروستکردنی پەرستگایەك.. تاد. ئەم شێوازە تا سەردەمی کاشی بەردەوام بوو، لەو سەردەمەشەوە مێژوو بەژمارەی ساڵی فەرمانڕەوایی پادشاوە تۆمار دەکرا وەکو: ساڵی چوارەمی فەرمانڕەوایی فلانە پادشا..

٢-بەڵگەنامەکە لەبارەی هاوپەیمانییەکی فراوانە کە لە دژی نارام سین بەسترابوو.

٣-ئیببی سین (٢٠٢٨-٢٠٠٤ پ.ز) دوایەمن پادشای بنەماڵەی سێیەمی ئور بوو.

٤-بنەماڵەی لارسا (٢٠٢٥-١٧٦٣ پ.ز) بنەماڵەیەکی ئامورییە پێش هەرەسی بنەماڵەی ئور دامەزرا و لەسەر دەستی حامورابیدا نەما.

٥-زنجیرەی خاررا (خوبوللو): خاررا (ئور-را **UR5-RA**) بەسومەرییە. زنجیرە دەقێکە.

٦-سەردەمی نوێی ئاشووری: بەشی سێیەم و دوایەمینی مێژووی ئاشوورییە. لە ئاداد نیراری دووەمەوە (٩١١-٨٩١ پ.ز) دەست پێدەکات تا کەوتنی نەینەوا(٦١٢پ.ز).

٧-مات زابان = وڵاتی زابان، ئال زابان = شاری زابان. واتا لە دەقەکەدا (وڵاتی زابان) هاتووە(شاری زابان) شێوازێکی تری ناوەکەیە کە لە نووسینەکەی ئاشورناصرپالدا (یاخود لە نوسخەیەکی تری نووسینەکەیدا) هاتووە.کاتێك نووسەر باس لەدەقێك دەکات شێوازی نووسینی ناوەکان لەدەقەکەدا دەنووسێت بۆ نموونە ئەمانە (شاری) زا- بان ، (شاری) زاب - بان âl **Zab-ban, âl Za-ban** ... تاد.

٨-دوور واتە قەڵا (حصن).

٩-لوبدو، لوبدی.. شارێکە لەدەوروبەری داقووقدا بوو.

١٠-مێژووی هاوچەرخ: مێژووی هاوچەرخی پادشایانی ئاشور و پادشایانی بابل کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا نووسەرێکی ئاشوری نووسیبووی (تیایدا خانەیەك بۆ پادشایان ئاشورو ئەوەی تر بۆ ئەوانەی بابل دانراوە).

١١-ئێکوررو: ئێکور **E-KUR** وشەیەکی سومەرییە بەواتای خانووی کێو و لە ئەسڵدا ناوی پەرستگەی ئێنلیل، خوداوەندی سومەری، بوو. ئێکوررو شێوازی ئەکەدیی ناوەکەیە.

١٢-زنجیرەی ماقلوو: زنجیرەی نوشتەیە.

١٣-سەردەمی نوێی بابلی (٦٢٦-٥٣٩ پ.ز) بە نابوپلاصەرەوە دەست پێدەکات و بەداگیرکردنی بابل لەلایەن کۆروشەوە کۆتایی پێ دێت، نەبوخەدنەسەری دووەم (٦٠٤-٥٦٢ پ.ز) پادشای هەرە ناوداری ئەو سەردەمە بوو.

١٤-نووسینەکانی لەوحی ناوەوە بەسەر بەرگە قوڕینەکە چاپ دەبێت بۆیە دەبێ چی لەسەر لەوحی ناوەوە هەبێت هەمان شت لەسەر بەرگەکە هەبێ، بەڵام بە ئاوەژوویی.

١٥-شیقل پێوانەیەکی قورساییەو نزیکی ٨ ,٤ گرامەو دراو نییە چونکە ئەو ڕۆژگارە دراو نەبووە.

١٦-مەبەستی نووسەر لەیاخیبوونی (٢٧)ی شاری ئاشوری و ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لەکۆتایی ژیانی شەلمانەصەری سێیەم . شامش ئادادی پێنجەمی کوڕی سەرەتای حوکمی بە سەرکوتکردنی یاخیبوونەکە بردە سەر.

١٧- لە (هەزارمێرد)دا نووسراوە "باکووری" بەڵام ئەمە هەڵەیەو نازانم هی خۆمە هەڵەی چاپە.

١٨-مەبەستی لەسەردەمی نوێی سومەری (کە بە ڕووخانی بنەماڵەی ئور ٢٠٠٤ پ.ز کۆتایی پێ هات) و کە لە نیوەی دووەمی حوکمی شولگییەوە فراوانکاری دەست پێ کرد و ئیمپراتۆریەتەکەی ئەکەد زیندوو کرایەوە. نووسەر لێرەدا گومان لەوە دەکات کە بنەماڵەی ئور ئیمپراتۆریەتێکی دامەزراندبێت.